کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
7-7-2007 13:55 بەکاتی ناوەندی ئەورووپا

## ئایا دەکرێ لە وڵاتێکی موسڵمان ئافرەتێک یان مەسیحییەک ببێتە سەرۆکی وڵات؟ ... مەلا جەعفەر گوانی

پێداچوونەوەی دەقەکان و ، شیکردنەوەی چەمکەکان بەپێی قۆناغەکانی ئێستاکە، یەکێکە لە خاڵە هەرە گرنگەکان و هەستیارەکان ڕووبەڕووی هەڵگران و پشتیوانانی شەریعەت دەبێتەوە، کە یەکێك لەوانە مەسەلەی بوونی ئافرەت و کەسانی غەیرە موسڵمانە بە سەرۆك لە وڵاتێکی موسڵماندا، کە تاکو ئێستاکەش لە هەست و هزری کەسانێك هەر مایەی قسە لێکردنە و ، بە دروستی نازانن، بە بیانووی ئەوەی کاری ئیمامەت قورسە و ، بە ئافرەتێك و کەسێکی ناموسڵمان بەڕێوە ناچێت.



وەلی موعتەدیلەکانی فیقە و فیکری ئیسلامی، تێڕوانینی نوێیان هەیە، بۆ ئەم مسەلەیە، لەوەدا دکتۆر محەمەد سەلیم ئەلعەوا، ئەمینداری ڕێکخراوی (یەکێتی جیهانی زانایانی موسڵمان) زۆر بە ڕاشکاوی و متمانەوە، پێی وایە، ئێمە لە قۆناغی ئیمامەت تێپەڕینە و ، لە قۆناغی دەوڵەتی مەدەنی داینە، بەمەش هەر کەسێکی هاووڵاتی بۆی هەیە سەرۆکایەتی وڵات بگرێتە دەست، چ موسڵمان بێت یان مەسیحی، ئافرەت بێت یان پیاو، چونکە بیانووی ئەوەی کە ئافرەت یان مەسیحی ناتوانێت کاری ئیمامەت بکات، ئەوە نەماوە لەو سەردەمەدا، لەبەر ئەوەی ئەمڕۆ سەرۆك وڵات هەیە، نەك ئیمام و خەلیفە، هیچ سەرۆکێکیش تا لەو وڵاتانەش کە پێیان وایە، حوکم بە ئیسلام دەکەن، سەرۆك دەوڵەت کاری ئیمامەت و ، پێشنوێژی ناکات، بەم پێیەش ئیمامەت بە مانای خەلیفەی موسڵمانان تازە بەسەر چووە، ئەوەی لە ئیسلامدا گرنگە چەسپاندنی عەدالەت و دادپەروەرییە و ، ڕاستگۆیی و خزمەتکردنە بە وڵات و هاووڵاتیان و ، ڕێنەگرتنە لە ئازادی ئایینی.

سەبارەت بەو فەرموودەیەش، کە دەڵێت: گەلێك سەرناکەوێت کە ئافرەتێك بکەنە پێشەنگی خۆیان، دکتۆر پێی وایە: ئەوە بۆ ئەو کاتی کیسرا بووە و ، هەواڵێکە پێغەمبەر داویەتی، نەك حوکمێك بێت.

کەواتە لە وڵاتێك ئەگەر ئیسلام بکرێتە ئایینی ڕەسمی وڵات، هیچ کات مانای ئەوە نادات، کە ئەهلی ئایینەکانی دیکە لە مافەکانیان بێ بەش دەبن. بۆیەش هەر لێرەوە جەغت لەسەر ئەوە دەکەینەوە، کە ئەو بەڕێزانەی لەوە دەترسن کە ئەگەر ئیسلام کرایە سەرچاوەی سەرەکی دەستووری کوردستان، گوایە مافی ئافرەت یان ئایینەکانی دیکە دەفەوتێت، با بۆ خۆیان دڵنیا بن، ئەوە شتێك نییە وجودی هەبێت لە ئیسلامدا، لە مێژوشدا ئەو ڕۆڵە بە کەسانی ناموسڵمان و ئافرەتانیش دراوە، ئەگەر سەقەتییێکیش هەیە ئەوە بۆ دابی کۆمەڵگا دەگەڕێتەوە نەك بۆ ئیسلام.

cefergwani@gmail. com

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.